**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**هەرێمی کوردستانی عێـراق**
**ســەرۆکایەتی هەرێـم**
**ســەرۆك**

**بە نــاوی گەلــەوە**
**بڕیـــار**
**ژمارە ( ١٦ ) ساڵی ٢٠٠٧**

## یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

بـە پێی ئـەو دەسـەڵاتەی لـە بـڕگـەی (١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردستان — عێـراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هـەموارکراو پێمـان دراوەو، بـە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان — عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٩) لە ٢٠٠٧/٥/٢٨ بڕیارمانـدا بە دەرکـردنی:

## یاسای ژمارە( ١٤ )ی ساڵی / ٢٠٠٧
## یاسای وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە،ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

**یەکـەم : هەرێـم :** هەرێمی کوردستان ـ عێراق .

**دووەم : وەزارەت :** وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم.

**سـێیـەم : وەزیـر :** وەزیری ڕۆشنبیریی هەرێم .

**چـوارەم : بریکاری وەزارەت :** بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری.

### ئامانــج و ئەرکەکانی وەزارەت

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت ئەم ئەرکانەی خوارەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.

**یەکەم :** پارێزگاریی ڕەسەنایەتی ڕۆشنبیریی کوردستانی و کارکردن لە پێناو پەرەپێدانی بەجۆرێك کە لەگەڵ بەها مرۆڤایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستانیو گەشەپێدانی گیانی بە یەکەوە ژیان و برایەتی نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان بڕوابەڕێوە و پەیوەندیی ڕۆشنبیریی لە نێوان گەلی کوردستان و گەلانی ناوچەکە و جیهاندا ببەسترێ.

**دووەم :** پشتگیریی کردنی بزووتنەوەی دانان و وەرگێڕان وبڵاوکردنەوە لە هەرێمدا و پشتگیری نووسەر و ئەدیب و شاعیر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسان لە ڕێگەی چاپکردن و یاریدەدانی بەرهەمەکانیانەوە.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان

**سێیەم :** گرنگیدانێکی بابەتییانە بە ڕۆشنبیریی منداڵان لە هەموو ڕوویەکی ئەدەبی وهونەرییەوە.

**چوارەم :** دامەزراندنی کتێبخانەی نیشتیمانیی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

www.mojkurdistan.com

**پێنجەم :** هاندانی بەهرەی ئەدەبی وهونەری وزانستی داهێنەر.

**شەشەم :** هاندانی بزاڤی شانۆیی و هونەرە میللیەکان.

**حەوتەم :** یارمەتیدان وهاندانی کارو چالاکییەکانی یەکێتی ورێکخراو ومەڵبەند وتیپە رۆشنبیریی وئەدەبی وهونەری وزانسییەکان.

**هەشتەم :** سازدانی میهرەجان و بەیەك گەیشتن و کۆبوونەوەی رۆشنبیریی وئەدەبی ورێکخستنی پیشانگای هونەری شێوەکاری بە هەموو جۆرەکانیانەوە.

**نۆیەم :** بووژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوەیی میللی لە هەموو بوارەکانی (ئەدەبی وهونەری - تیپەمیللیەکان) ودامەزراندنی مۆزەخانەی تایبەت بەوانە و پاراستنی دەستنووس و رێکخستنی ئەرشیف لە هەرێمدا.

**دەیەم :** دەرچواندنی رۆژنامە و گۆڤاری حکومی،

**یانزدەیەم :** پشتگیری و رێزلێنانی نووسەرو ئەدیب و شاعیر و هونەرمەند و رۆژنامەنوسان بەپێ ی پێوەرە تایبەتیەکان.

**دوازدەیەم :** دامەزراندنی ئێستگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن وئەنتەرنێت لە هەرێمدا.

**سیازدەیەم :** دامەزراندنی ئاژانسی نوچەی کوردستان ـ عێراق.

**چواردەیەم :** مۆڵەت پێدانی هۆیەکانی راگەیاندن بەهەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکاندا.

**پانزدەیەم :** کارکردن لە پێناو دابینکردنی بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان لە چالاکیە رۆشنبیریی‌و هونەریی‌و راگەیاندنەکاندا لەسەرئاستی عێراقی و هەرێمایەتی و جیهانیدا.

**شانزدەیەم :** رەواندنی چەمکەکانی دیموکراتیەت و رێزلێنانی مافەکانی مرۆڤ و رۆشنبیریی لێبوردەیی و فەرەیی و خۆشەویستی نیشتیمان و چەسپاندنی گیانی ئینتیمای کوردستانی لە نێوان رۆڵەکانی گەلی کوردستاندا.

**حەڤدەیەم :** ئامادەکردنی پلانی تایبەتی بە وەزارەت و بەدوداچوونی جێبەجێکردنی و پێشنیازکردنی پرۆژەی ئەو یاسانەی کە پێیەوە پەیوەستن.

**هەژدەیەم :** گرنگیدان بە هونەری سینەمای کوردستانی وپەرەپێدانی پیشە سازیەکەی.

**نۆزدەیەم :** پێشکەشکردنی پشتگیری مادی و ئەدەبی بۆ داهێنەرانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری و رۆشنبیریان.

**بیستەم :** بڵاوکردنەوەی هۆشیاری رۆشنبیری بۆ سنوردانان لە بەکارهێنانی توندوتیژی لە کۆمەڵگا دا بە تایبەت دژی ئافرەت، هەروەها بایەخدانی تایبەت بە رۆشنبیری ژنانی بەهرەمەند.

**بیست ویەکەم :** پتەوکردنی پەیوەندی رۆشنبیری لەگەڵ نووسینگەکانی هەرێم لە باڵیوزخانە و نوێنەرایەتیە دبلۆماسییەکانی عێراق.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم :** وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێك دێ:

**یەکەم: وەزیر:** سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە ئاراستەکردنی کاروسیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکیەکانی و، ئەو بریار و فەرمان‌و رێنماییانەی لەبارەی هەرشتێکی پەیوەندیی بەئەرکی وەزارەت و پێکهاتەکانی لە هەموو روویەکی هونەری ودارایی و ئابووری و رێکخستنەوە هەیە لەوەوە دەردەچن بە پێی حوکمەکانی یاساو بەرپرسیشە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا و بۆی هەیە هەندێك لە

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

دەسەڵاتەکانی بدات بەبریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان هەریەکێکی بەشیاوی دەزانێ لە وەزارەتدا.

**دووەم: بریکــاری وەزارەت :** یاریـدەی وەزیـر دەدات لـە ئاڕاسـتەکردنی وەزارەت و سەرپەرشـتی کردنـی کاروبارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسـەڵاتانەی کـە وەزیـر پێـی دەدات و دەبـێ بڕوانامـەی پسپۆڕی زانکۆی هەبێت و پسپۆر و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

**سێیەم: نوسینگەی وەزیــر:** فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**چـوارەم: نوسینگەی بریکاری وەزارەت:** فەرمانبـەرێك بەپلـەی بەڕێوەبـەر بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامـەی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.

**پێنجــەم: ڕاوێژکاران:** ژمارەیان لە چوار ڕاوێژکار زیاتر نابێت کە بڕوانامەی پسپۆڕیی زانکۆیـان هـەبێت و خـاوەن شـارەزایی و کارامـەیی بـن و پـسپۆڕییەکەیان لەلایـەن وەزیـرەوە دەسـت نیـشان دەکرێ.

**شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری کــارگێری و دارایــی:** بەڕێوەبـەرێکی گـشتی بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

**حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی ڕۆشنبیری و هونەر لە پارێزگاکاندا:** هەریەك لەوانـە بەرێوەبـەرێکی گـشتی بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامـەی پـسپۆڕی زانکـۆی هـەبێت و خـاوەن شـارەزایی و کارامەیی بێت.

**هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتیەکان:** بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامـەی پسپۆڕی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

**نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆژنامە نووســی و چـا پکردن و بڵاوکردنــەوە:** بەڕێوەبـەرێکی گـشتی بـەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی پسپۆڕی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

**دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن:** بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کـە بڕوانامـەی پـسپۆڕی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

**یازدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی سینەما:** بەڕێوەبەرێکی گـشتی بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامـەی پـسپۆڕی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

**دوازدەم: بەڕێوەبەرایەتیی گشتی ڕۆشنبیریی وهونەری تورکمانی:** بەڕێوەبەرێکی گشتی بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامەی پسپۆڕی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

**سێزدەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری وهونەری ســریانی:** بەڕێوەبـەرێکی گـشتی بـەڕێوەی دەبـات کـە بڕوانامەی پسپۆڕی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.

**ماددەی چــوارەم :**

وەزارەت ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێتو لەمانە پێك دێ:

**یەکەم** : وەزیـر : سەرۆکە.

**دووەم** : بریکاری وەزارەت: ئەندامە و لە کاتی ئامادەنەبوونی وەزیر سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەکات.

**سێیەم** : ڕاوێژکاران: ئەندامن.

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان

**چوارەم** : بەڕێوەبەرەگشتییەکانی وەزارەت: ئەندامن.

**پێنجەم** : هـەر شـارەزایـەکی پسـپۆڕی شـیاو لەنـاو وەزارەت یـا دەرەوەی، وەزیــــــــــــر هەڵی دەبـژێــرێ: ئەندامە.

www.mojkurdistan.com

**شەشەم :** نوێنەری وەزارەتەکانی پەیوەندیدار لەسەر بانگهێشتی وەزیر: ئەندامن.

**ماددەی پێنجەم :**

**یەکەم :** کاروپسپۆرایەتییەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت بە پێڕەو دەسنیشان دەکرێن.

**دووەم :** وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان بەش یان هۆبەی وەزارەت لە نوێ دابنێ یان لێکیان بدات یاخود هەڵیانوەشێنێتەوە بە پێی پێویستی کارەکانی وەزارەت لەکاتی پێویست دا.

**سێیەم :** وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچووێنێ.

**ماددەی شەشەم :**

یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری و هەموارکردنی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٨ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی حەوتەم :**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ ئەگەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی هەشتەم :**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان) بلاْودەکرێتەوە.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق**

هەولێر
١٧/ جوزردان /٢٧٠٧ کوردی
٧ / حزیران / ٢٠٠٧ زاینی
٢١ / جمادی الاول / ١٤٢٨ کۆچی

هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بەو پەرەسەندنانەی کە لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ڕوویانداوە لە پێناوی فەراهەمکردنی پێویستیە بنەڕەتیەکانی بۆ بەردەوام بوونی ئەو پەرەسەندنانە و کاراکردنیان بەرەو باشتر و بۆ ڕۆیشتن لەگەڵ هیوا و ئاواتی گەلی کوردستان لە خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو بوارانەی ناوچەکە بەشێوەیەکی تایبەتی و جیهان بە شێوەیەکی گشتی و سەبارەت بە لێکردنەوەی فەرمانگەکانی وەرزش و لاوان و شوێنەوارەکان لە وەزارەت و بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتە و پسپۆرایەتییەکان و ئەرکەکانی وەزارەت، وای خواست ئەم یاسایە دەربچووێندرێت.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com